# شەهیدکردنی لاوە ئێزدیەکان
# لاوازی حکومەتی عێراقو پارتە کوردیەکان دەردەخات

## گۆران فەتحی



لەوەدەچێ ئەم وولاتەی پێی دەوترێت عیراق، هەر لەدێرزەمانەوە بایەقووش تێیدا خوێندبێتی، بۆیە هەردەم کوشتارو خوین رشتنی تێدا بووە، ئەم وولاتە قەت سەردەمی خۆشی بەخۆوە نەبینیوە، لەسەردەمی ئاشوریەکانەوە تا سەردەمی ئێستاشی لەگەڵدا بێت. ئەم خاکە هەردەم بووە بەئاگرو رۆڵەکانی خۆی سووتاندووە، وولاتێکە هەموو جۆرە ئاینو مەزهەبو تایفەی تێیدا یە، هەردەم شەڕو شۆڕی تێدا بووەو رێگای هێرشی سوپای وولاتە زلهێزەکان بووە، هەردەم لەرۆڵەکانی کوژراوەو سەریان لەلەشیان کراوەتەوەو گردۆڵکەی وەکو نیشانەی سەرکەوتنی پێ دروست کراوە. لەم وولاتەدا سوننە حەزی لەشیعە نییە، کوردو عەرەبو تورکمانو هەموو ئەوانی تر کەس حەزی بەچارەی یەکدی ناکەن، هەمووی خۆی بەخاوەن هەق دەزانێ، بەردەوام لەیەکتری دەکوژن سوننەو شیعە لەیەکترو عەرەب کوردو تورکمانو ئەوانی تریش بەهەمان شێوە ، ئیسلامی لە ئێزیدیو مەسیحی و سابیئە دەکوژێت. بۆیە بەردەوام دەبینین گەنجانو هاوڵاتیان بەلێشاوو لەم خاکو وولاتە رادەکەنو بەجێی دەهێڵن،

ئەمەوێ بێمە سەر مەبەستی بابەتەکە ، کوژرانی کچە کوردی ئێزدی دوعا، کە بەخاچدا کراو بەدەستی خزمو کەسوکارو هەروەها چەند لاوێکی سەرلێشێواو لەدێی بەحزانی ئێزدیان، ئەم کارە واتا کوشتنەکەی دوعا زۆر نامرۆڤانە بوو بەهەموو پێوەرێك، بەڵام بەقەد ئەوەو لەوەش نامرۆڤانەتر کوشتنی 24 لاوی ئێزدی بوو لەشاری موسل بەدەستی عەرەبە شۆفێنیو توندرەوەکان، تەنها لەبەر ئەوەی گوایە ئێزدی بوونە.

کاتێك وێنەی کوشتنی ئەو برا ئێزدیانەم لەسەر یەکێك لەسایتەکانی ئینتەرنیت بینی، کەلەپاڵ دیوارێك پاڵ خرابوونو دەستو قاچیان بەسترابوو جلو برگی ئاسایی خۆیان لەبەر بوو، تووشی شۆك بووم، رەنگە ئەوان دڵنیاش نەبووبن لەوەی دوای چەند ساتێکی تر دەکوژرین، لەبەر ئەوەی هیچیان لەخۆ شك نەدەبردو هەروەها لەنێو خودی شاری موسڵو لەناو بازاڕدا رێگە بەپاسەکەیان گیراوو دابەزێنران، لەوەش دەچێ لەهەمان کاتدا بەرەو ئەو شوێنە برابێتن کە دەکوژرێن تێیدا بێ ئەوەی بزانن تاوانیان چییە.

ئەوان تەنها کرێکاری ئاسایی کارگەی رستنو چنین موسڵ بوونو تەنها تاوانیش کە تیرۆریستان دەیخەنە پاڵیان ئەوەیە کەکوردی ئێزدین، لەو بڕوایەدا نیم ئەوان واتا تیرۆریستان ئەم گەنجانەیان لەتۆڵەی کوشتنی دوعا کردبێتو ئەو گەنجە ئێزدیانەیان بەو کارەساتە گەیاند، چونکە ئەوە تەنها بەهانەیەکەو قەت ئەو شۆفێنیانە لەبەر خاتری کچە کوردێك شتی وا ناکەن..ئەوە تەنها ڤینو رقی دڵی خۆیانە لەهەموو کوردێك بەبێ جیاوازی ئاینی یان مەزهەب یان هەر شتێکی تر. بەراستی بینیی وێنەی ڤیدیویی شەهیدکردنی ئەو گەنجانە تەنها سەردەمی بەعسو دەستی بەعست وەبیر دێنێتەوە کەهیچ گومان لەوەدا نییە ئەو تیرۆریستانە هەمان ئەو بەعسیانەنن کە ئەو کوردە ئێزیدیانە دەکوژن.

زۆر لەسەر کوشتنی دوعا نوسراو هەروەها باس لەوە کرا کە ئەو 24 ئێزدیە لەتۆڵەی ئەودا کوژران، هەروەها لەزۆربەی شارەکانی کوردستان هێرش کرایە سەر کرێکارە ئێزدیەکان، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە هیچ رووداوێك لەکوردستاندا رووی نەدا کە ببێتە ئەوەی نێوان کوردی موسوڵمانو کوردی ئێزدی تێك بدات، بەڵام ئەوەی جێگەی داخیشە زۆر لە بەناو نووسەری کوردیش هانی توندوتیژیان دا بەرامبەر بەبرا ئێزدیەکانو شۆڤینستانی عەرەبیش ئەمەیان کرد بەهەل لەموسڵو

ئەو كارە دڕندانەیەیان ئەنجامدا، وەكو هەموو كارە ڤێزونەكانی تریان، بۆیە دەبێت حكومەتو هەردوو حزبی دەسەڵاتداری كورد چارەسەرێك بۆ شاری موسڵو ناوچە تەعریبكراوەكانی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی سوكایەتی لەو جۆرە بەرامبەر بەكورد نەكرێتو گەنجەكانمان بەو دەردە نەبرێن.